

# یاخیی بین

ژیان و هەڵبژاردەیەك لە پەیڤ و شیعرەکانی

## محەمەد ماغوت

پێشەوا ئیبراهیم
کردوویەتیی بە کوردی

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

# یاخیی بن

پێشەوا ئیبراهیم

Scanned with CamScanner

AWER

Nawendi Awer

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

## ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر

- بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: حەسەن بورەیی
- بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئارێز حەسەن
- ڕاوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا


هەولێر-پشت پاریزگا-پشت مزگەوتی مەحموود عەلاف

07505114142 - 07507476644

Nawendi Awer:: ناوەندی ئاوێر

Nawendi.awer@yahoo.com


Scanned with CamScanner

# یاخیی بن

ژیان و هەڵبژاردەیەك لە پەیڤ و شیعرەکانی
محەمەد مأغوت

## پێشەوا ئیبراهیم

Scanned with CamScanner

ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

AWER
Nawendi Awer

# یاخیی ببن

بـابـەت: ئەدەبی

نووسین و وەرگێڕانی: پێشەوا ئیبراهیم

دیزاینی ناوەوە: قازی ناسر

چاپ: یەکەم– 2019

نرخ: (3500) دینار

تیراژ: (1000) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( 301 )ی ساڵی 2019ی پێ دراوە.

©مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی ئاوێر. بێ ڕەزامەندی ناوەندی ئاوێر یان ئاماژەکردن بە ناوەندی ئاوێر کەس مافی دووبارەچاپکردنەوە و بەکارهێنانی نییە لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

Scanned with CamScanner

شەڕ تەواوبوو

فەرماندەکان دەستی یەك دەگوشن

پیرەژنێك چاوەڕێی کوڕە شەهیدەکەیەتی

ژنێکی شۆخ چاوەڕی مێردە نازدارەکەیەتی

منداڵێکیش چاوەڕێی باوکە پاڵەوانەکەیەتی

من نازانم کێ ئەم وڵاتەی فرۆشت،

بەڵام ئەزانم کێ نرخەکەیدا.

مەحموود دەروێش

Scanned with CamScanner

# محەمەد ماغوت

محەمەد ئەحمەد عیسا ماغوت، شاعیر و ئەدیبی سوری، لە ساڵی(1934ز)، لە شاری (سلمیە)ی سەر بە پارێزگەی (حەما) لە بنەماڵەیەکی کەم دەرامەت لەدایکبووە. باوکی ماغوت جوتیارێکی سەپان بووە، بە درێژایی تەمەنی لە زەوی خەڵکانی دیدا کاریکردووە.

ماغوت لە خوێندنگەیەکی کشتوکاڵی، خوێندنی سەرەتایی دەخوێنێ لە شاری (سلمیە) و پاشان بۆ خوێندنی دواناوەندی دەچێتە (دیمەشق) و لەوێ بەهۆی هەژاری خێزانیەکەوە درێژە بە خوێندن نادا و واز دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ (سلمیە).

دوای گەڕانەوەی بۆ (سلمیە) دەچێتە نێو (حزبی سوری قەومی ئیجتیماعی) بێ ئەوەی ئەو بنەوایانە چاوتێکا کە حزبی لەسەر دامەزراوە. لەو سەردەمەدا ماغوت بە جوتیارییەوە خەریک بووە. ئەودەم ئێکەمین قەسیدەی بە نێوی (غادە یافا) لە گۆڤاری ئادابی بەیروتی بڵاودەکاتەوە.



Scanned with CamScanner

پاشان ماغوت دەچێتە ڕیزەکانی سوپا بۆ خزمەتی سەربازی و لەوێ یەکەمین پەخشانەکانی، پەخشانی (لاجیئە بەینە رومال) لە گۆڤاری جوندی بڵاودەکاتەوە، ئەودەم (ئەدۆنیس و خالیدە سەعید و سلێمان عەواد) لە گۆڤاری جوندی دەیاننووسی. دوای بەکۆتا هاتنی خزمەتی سەربازی ماغوت لە شاری سلمیە بە جێگیری نیشتەجێ دەبێت.

تیرۆرکردنی (عەدنان مالیکی)[1] لە 22ی ئەپرێلی ساڵی(1955) ڕووداوێك بوو تەواوی ژیانی ماغوتی سەراوبنتر کرد، (حزبی سوری قەومی ئیجتیماعی) بە تیرۆرکردنی (عەدنان مالیکی) تۆمەتبارکرا، زۆرێك لە ئەندامانی حزب دەستبەسەرکران، ماغوتیش یەکێك بوو لەوان، ماغوت زیندانیکرا، ژیانی ئەدەبی هەقیقی ماغوت لە نێو چوار

---

1 عەقید ڕوکنی سوپای سوری (عەدنان محمد شمس الدين المالكی)، لە زانکۆی سەربازی ڕاهێنەر بوو، لە ساڵی(1955) لە یاری نێوان (جەیشی سوریی و خەفەر سەواحلی لوبنانی) تیرۆرکرا.



Scanned with CamScanner

دیواری زیندان دەستییێکرد. ئەو لە هەڤپەیڤینێکدا لەبارەی حەپسیەوە دەڵێت: کاتێ بۆ ئێکەمجار دەحەپسێکرام، لە ناخمەوە ورد و هەڕا بووم، هەموو ئەوەی لە دوای ئەو ڕۆژەوە دەینووسم، بۆ سارێژکردنی ئەم زامە بە سوێیەی ئەو ڕۆژەیە

لە کۆتایی پەنجاکان ماغوت لە دیمەشق داواکرا، ماغوت بڕیاری ڕاکردنیدا بۆ بەیروت، لە ڕێگەی قاچاخەوە چووە بەیروت و لەوێ لە ڕێگەی شاعیر(یوسف خال) پێوەندیکرد بە کۆمەڵەی (گۆڤاری شیعر). لە بەیروت ماغوت لەگەڵ شاعیر(بەدر شاکر سەییاب) یەکتریاننناسی، هاوڕێیەتییەکی توندو تۆڵیان لە نێواندا پەیدابوو. هەر لە بەیروت ماغوت شاعیرە(سنیە ساڵح)ی دەناسێ کە خوشکی (خالیدە سەعید)ی خێزانی (ئەدۆنیس)ە. ئەمانە وادەکەن ماغوت پتر دەرکەوێ و ببێتە ڕکابەر بۆ وەدەست هێنانی خەڵاتی ڕۆژنامەی (نەهار) بۆ نووسینی باشترین پەخشان.



Scanned with CamScanner

ماغوت بە نێوبانگێکی گەورەوە دەگەڕێتەوە بۆ دیمەشق و کۆمەڵە شیعری ئێکەم (حوزن فی زەوئیل قەمەر) بڵاودەکاتەوە لە گۆڤاری شیعر لە ساڵی(1959) و پاش یەك ساڵ لەهەمان گۆڤار کۆمەڵە چیرۆکی دووەم (غورفە بیمەلایین جیدران) دەوەشێنێ.

ماغوت دوای گەڕانەوەی بۆ دیمەشق لە پێوەندی دابوو لەگەڵ (سنیە ساڵح)، لێ لە ساڵی(1961) بۆ جاری دووەم لە حەپسێکرا، دوای ئازادبوونی ماغوت لەگەڵ سنیە هاوسەرگیری ئەنجامدا و (شام و سلافە)یان بوو.

لە حەفتایەکان سەرنووسەری گۆڤاری (شورتە) بوو لە دیمەشق، بەشێکی زۆر لە نووسینەکانی خۆی لەوێدا وەشاند.

ماغوت لە هەشتایەکان سەفەری کرد بۆ ئیماڕات، بەدیاریکراوی بۆ کارکردن لە ڕۆژنامەی (خەلیج). ماغوت لەگەڵ (یوسف عیدابی) بەشی ڕۆشنبیریی لەنێو ڕووپەڕی ڕۆژنامەی (خەلیجی) کردەوە.



Scanned with CamScanner

هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو زۆر قورس بوو بۆ ماغوت، ساڵی(1984) بەکۆچی دوایی زڕ خوشکەکەی(لەیلا) دەستیپێکرد. پاشان لە ساڵی(1985) باوکی کۆچی دوایکرد بەهۆی وەستانی دڵیەوە. لەهەموو ئەوانەش قورستر و بەئازارتر بۆ ماغوت کۆچی ناوادەی ناسیەی خێزانی بوو، ناسیە ساڵانێکی دوور و درێژ لەبەرانبەر نەخۆشی شێرپەنجە دەململانێ دابوو، لێ لەهەمان ساڵ و لە ساڵی (1985) کۆچی دوایکرد. پاشان لە ساڵی (1987) دایکی ناهیدە کۆچی دوایکرد.

لە ساڵی (1990)دا لەلایەن چاپخانەی (دار العەودەوە) کۆی بەرهەمە شیعرەکانی چاپکران.

لەگەڵ ئەوەی ماغوت ناوبانگێی زۆر و زەوەندی هەبوو، لێ ڕێی نەدەدا پێیدا هەڵبڵێن، ئەو ڕەتی دەکردەوە بە ڕامبۆی عەرەبی و بێرنادشۆی عەرەبی ناو بێنرێت. لە ساڵی (1991) لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری(ناقید)دا لە وەڵامی ئەو پێداهەڵگوتن و وەسفانەدا دەڵێت: منّ مەنجەڵی عەرەبیم!



Scanned with CamScanner

له نۆوەتەکانەوە تاکو کۆتایی (2006) و بەر لە مردنی، دەیان کتێبی بە چاپ گەیاندووە، لە بابەتەکانی شیعر و شانۆنامە و وتاردا.

لە نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەی سێی نیسانی 2006، دوای دە ساڵ ململانێ لەگەڵ نەخۆشی محەمەد ماغوت، کەڵە شاعیری سوری کۆچی دوایکرد.



Scanned with CamScanner

## بۆچی ماغوت؟

ماغوت شیعری نەدەنووسی،

ژیانی خۆی دەنووسییەوە.

ئەوەی تەسلیم نابێت، ناچێتە ژێر بارودۆخی سەپێنراو، ئەوەی خۆی دەبێ و یاخییانە نا دەچڕێ، ئەوەی چاوچنۆکی تەنگی پێ هەڵناچنێ و دەربارانە هەر دەمە و لە دەوری ماڵبات و کاسە و ڕێیەکدا خول ناخوا، زیندوو دەمێنێتەوە و نامرێ. ئەمە بۆ هەموو کەسێك دەشێ وابێت، چ جای شاعیرێك!

شاعیرێك لەخۆبردووانە ئەوەی دە ناو بیر و دەروونیدا دەگوزەرێ، دەریدەبڕێ و دەیخاتە سەروو ئەوەی دەوروبەر و حەز و گیرفانی دەیخوازێ، ئاخر ئەوەی بابای گیرفانە، هەر بە بارتەقای گیرفانەکانی، خۆی دەبێ و مرۆڤ بوونی دە دونیای تەنگ و ناخۆشی گیرفانەکاندا ون دەکات.

دەکرێ بڵێین شاعیران لە هەموومان پتر تاقیدەکرێنەوە، بەڵێ ڕۆژگار تاقییان دەکاتەوە، ئاخۆ مرۆبوون و



Scanned with CamScanner

دادگەرییان، ویژدانی هەقگۆ و سەر ڕاستییان، خۆبوونیان و ئازادیان، لە تولە ڕێی هات و نەهاتی بەرژەوەندی و لە ڕێی تەسکی ئەم و ئەو پەرستیدا گووم دەکەن ئان نا !

ئاخۆ بۆ باکانە خۆیان دەبن؟

ئەم پرسیارە درێژەی دەبێ و بە تێپەڕینی کات وەڵاممان دەست دەکەوێ.

بەو پێیەی ماغوت پتر لە شاعیرێکی سیاسیی دەچێت، شاعیرێك بەرەنگار دەبێتەوە و سڵ لە ژیان و حەز و بەرژەوەندییەکانی ناکاتەوە. مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە خۆبوونی، ئاخر گەر ناو هەموو گەلان شاعیرانی دەربار لە کەسانی کەم و بێ کەسایەتیی خولی خواردبێ، لە نێو عەرەبدا ئەمە تەواو پێچەوانەیە.

بە گەڕی مێژوو لە دەوری ئیمپراتۆر و کۆشکی شا و سوڵتان و لە دیوەخانی ئاغاکاندا کۆمەڵێك دەربار هەبوونە، لە ڕێگەی خۆ کەمکردنەوە و بە شان و باڵ هەڵدانی ناڕەوا، دڵی شا و حوکووم بەدەستانیان لە خۆیان ڕازی کردووە، بە تایبەت شاعیران، چینێك لە شاعیرانی دەباری مفتەخۆر



Scanned with CamScanner

بیست و چوار سەعاتی خوا لەبەر قاپی خەلیفە و دەسەڵاتداران لە نوزانەوە نەکەوتوون و نانی خۆیان لەو ڕێیەوە وە دەست خستووە.

نیتچە دەڵێت: من و واقیع دوژمنین، هەرگیز وێکڕا ناسازێین.

دەکرێ ئەمە ماغوتیش بگرێتەوە، ئینسانێك لە جەربەزە و بەرەنگاری، شاعیرێك دەرگەی حەپس لەسەر دڵ و بیریدا والا دەکا و بڵند هاواری بێزاربوون، یاخیبوون، ئازادی.. دەکات.

شیعرەکانی ماغوت گوزارشتن لە ماڵوێرانی و هەشوەسەری هەژاران و ناڵینیان بەدەم ئازارەکانی ژیانی تەنگ و پڕ لە مەینەتییەوە، شیعرەکانی یاخیبوونن لە کۆشك، کۆشکی ملهوڕان و پاسەوانانیان.

ماغوت نووسیبووی: پاسەوانی کۆشك

گرنگترە لە کۆشك.



Scanned with CamScanner

پەیامی ڕوونی ماغوت و خەمەکانی، ڕوون و ڕەوانن...

سەردەمێك كتێبە شیعرییەکانیم دەخوێندنەوە، بە تایبەت هەر دوو کتێبی (سیاف الزهور) و (البدوي الأحمر)، ئەمەی بەردەستیشتان هەڵهێنجراوی ئەم دوو کتێبەین، کە دەگەڵ خوێندنەوەیاندا ئەوەی پتر سەرنجی ڕادەکێشام، دەمکوورداند و زۆرجار لە ئەکاونتەکەی خۆم، لە فەیسبووك دام دەنان، دواجار دوای هێنان و بردنێکی زۆر خڕم کردنەوە لێرەدا. پێشوەختەش دەیبڕێنمەوە ئەم تێکستانە بۆ بە سووککگرتنی هیچ نەتەوە و ڕەگەز و ئاینێك نییە، بۆ بە کەم تەماشاکردنی نیشتمان و بەها ئاینی و نەتەوەییەکان نییە، بە پێچەوانەوە، یاخییگەرییەتیی و هاواری ماغوت لە خەم و پەرۆشبوونییەتیی بۆ نیشتمان، لە تامەزۆریتیی بۆ پێشکەوتن و ڕۆشنبیربوونی کۆمەڵگەی عەرەبی..

2019/2/10



Scanned with CamScanner

# هەڵبژاردەیەک لە پەیڤ و شیعرەکانی

Scanned with CamScanner

هەموو ئەوەی لە ئاسمان و زەویی و قووڵی
زەریاکاندایە پێی دەڵێن: نیشتمان،نیشتمانیش بۆ
هەندێك لە دزانە!





Scanned with CamScanner

مەی یاری بە کەلەم دەکات،

خێزانم بە جلەکانم و میوەفرۆشیش بە پارەکانم،

لەوەش زێتر گەورە سیاسی،

یاری بە چارەنووسم دەکات!





Scanned with CamScanner

دڵسۆز مەبە،

زەمەن زەمەنی ڕق و کینەیە.





Scanned with CamScanner

گوتی: ئێوە کێن؟

گوتم: ئێمە عەرەبین.

گوتی: بەچ کارێکەوە سەرقاڵن؟

گوتم: ئێمە هیچ کارێك ناکەین. جیهان بە ئێمەوە سەرقاڵە.





Scanned with CamScanner

لە حیکمەتی هەبوونی بەنج لە نەخۆشخانە
عەرەبییەکان تێناگەم،

چون ئێمە لە بنچینەدا گەلێکی بەنجکراوین.






Scanned with CamScanner

پاش ڕۆیشتنی پیترۆڵ،

هیچمان بۆ نەمایەوە جگە لە کۆلسترۆڵ.





Scanned with CamScanner

خۆر و مانگ و ئەستێرەم خۆشدەوێن،

وەلێ تاریکی پتر!





Scanned with CamScanner

گەر مەژاران و شاعیران باجەکە نەدەن،

ئەی کێ بیدا؟





Scanned with CamScanner

هەر دەم دوژمنانم زیاتر دەبن،

دڵنیاتر دەبم لەوەی لەسەر حەقم!





Scanned with CamScanner

پێم دەڵێن: خۆشەویستی لە هەموو شوێنێکە،

لەسەرتە تەنێ بە دوایدا بگەڕێی.

بە دوایدا گەڕام،

لێ بێهوودە وەکو گەڕانی پشیلە بوو

بە دوای لانەی شێردا.





Scanned with CamScanner

پاسەوانی کۆشک،

گرنگترە لە کۆشک.






Scanned with CamScanner

عەرەب وەکو هەلیکۆپتەرە،

هات و هاواری لە خێراییەکەی زیاترە.





Scanned with CamScanner

له ژیانم کەسم خۆشنەویستووە و

ڕقم لە کەس نەبووەتەوە،

جگە لە هەژاران.





Scanned with CamScanner

یەکیەتیی نیشتمانی ڕاستەقینە لە هەروڵاتێکی
عەرەبیدا،
تەنێ لە گۆڕستانە بەکۆمەڵەکان بەدی دەکرێت.





Scanned with CamScanner

هەر کات لە هەر شوێنێکی جیهان ئازادی ببارێت،
هەموو ڕژێمێکی عەرەبی بەپەلە

چەتر لەسەر سەری میللەتیان هەڵدەدەن،

لە ترسی ئەوەی نەوەکو تووشی (هەڵامەت)بن.





Scanned with CamScanner

کێشەی ئێمە لای تۆ نییە گەورەم،

کێشەی ئێمە لەگەڵ تۆیە!





Scanned with CamScanner

لەم نیشتمانەدا

خاوەنی هیچ شتێك نیم ،

جگە لەو پەرداخەی تێیدا دەخۆمەوە و

ئەم هەوایەی هەڵیدەمژم!





Scanned with CamScanner

حەزم بە هێمنییە،

بە زۆرانبازی ئازادە!





Scanned with CamScanner

ئێمەین عەرەب..

کللۆی ئاینده!





Scanned with CamScanner

وا دیارە نە ئاوی ڕووت،
نە ئاوی کبریتی و تفت
نە ساوناکان،
نە حەمامە تورکییەکان،
نە ڕۆمانییەکان سوودیان نییە بۆ ئێمە،
چون ئێمە عەرەبین،
هیچێ پاکمان ناکاتەوە (خوێن) نەبن.





Scanned with CamScanner

ڕێککەون لەسەر یەکتایی خودا و

دابەشکردنی نیشتمان.





Scanned with CamScanner

خودایە..

هەموو وڵاتەکان خەوتوون و خەوتوون،

بەڵام لە ساتە پێویست و گرنگەکان وەخەبەرن،

تەنێ نیشتمانی عەرەبی نەبێت،

وەئاگا و بە خەبەرە،

لێ لە ساتە پێویست و گرنگەکاندا پرخەی دێت.





Scanned with CamScanner

خۆکوشتن حەڕامە.

ئەی بەدبەختی حەڵاڵە؟





Scanned with CamScanner

هەمووان لەسەر فرۆشتنی هەموو شت یەکڕان،
وەلێ لە نرخدا ڕاجیان!





Scanned with CamScanner

"خۆشی" بە کۆتا نەهاتووە..





Scanned with CamScanner

ئەی بەرگدوورەکان

کفنێکی فراوانم دەوێ بۆ خەونەکانم!





Scanned with CamScanner

خراترین سستەمی دیموکراسی لە دونیادا،

چاترە لە دادگەرترین سستەمی دێکتاتۆری!





Scanned with CamScanner

بۆ ئەوەی بنووسیت، بخوێنیتەوە، گوێبگری،
ئامانجت هەبێ، خۆپیشاندان بکەیت،

بە ئارەزوی خۆت دەرکەویت؛

پێویستە تۆ ئازاد بیت.

بۆ ئەوەی ئازاد بیت،

پێویستە بەهێز بیت.





Scanned with CamScanner

بۆ ئەوەی بەهێز بیت،

پێویستە خودان بەرهەم بیت.

بۆ ئەوەی خودان بەرهەم بیت،

پێویستە دامەزراو بیت.

وەلێ تۆ ناتوانی لە وڵاتێکی دانەمەزراودا، دامەزراو بیت. ئەم مەملەکەتە دامەزراوەیی ناناسێت.





Scanned with CamScanner

لەم سەردەمەدا،

لەو تاوانە مەزنتر چییە؛

ئینسانێکی عەرەب لە دایک بێت!





Scanned with CamScanner

خۆشەویستی؛

ئەو تاکە نەخۆشییەی ئیسعافی گەرەك نییە.






Scanned with CamScanner

وا دیارە ئازادکردنی ئەقڵی عەرەبی

قورسترە

لە ئازادکردنی فەڵەستین!





Scanned with CamScanner

هیچ شتێك نییە جگە لە كوشتن و تاڵانكردن و
خوێن ڕشتن،

هیچ یەكێك بیر لەوە ناكاتەوە منداڵی پێویستی
بەوەیە بخەوێ.





Scanned with CamScanner

به درێژایی تەمەنم لە خودا ترساوم،

پاشان بۆم ئاشکرابوو؛

هەرخودا مەئوا و پەنایە.





Scanned with CamScanner

چاوتێکردنی ئازارەکان لە پشتی شوشەوە شتێکی پێکەنیناوییە،

وەکو ئەوەی کەڕێك گوێی لە مۆسیقا گرتبێ!





Scanned with CamScanner

دێکتاتۆرەکان وەکو ژمارە پێوانەییەکانن،

ڕۆژی شکانیان هەر دێت.





Scanned with CamScanner

کێشەی ئێمە لەگەڵ خودا نییە،

بەڵکو لەگەڵ ئەوەیە بە ناوی خوداوە قسە دەکات.





Scanned with CamScanner

دەڵێن بۆ ئەوەی سەلامەت بیت،

پێویستە خۆت بەدوور بگری لە مرۆڤی لات و خوێڕی،

لێ ئەز چلۆن دەتوانم لە هەمی عەرەب خۆ بەدوور بگرم، تاوەکو سەلامەت بم!





Scanned with CamScanner

مرۆ تەنێ ئێکجار ئاشق دەبێت،

خۆ ئەشق دۆمینە نییە، هەرکات دۆڕایت
تێهەڵچیەوە!





Scanned with CamScanner

گان و نان ئەو هێز و وزەیەن تاوەکو ئێستا تاکی عەرەبی بە زیندوویی هێشتووەتەوە.





Scanned with CamScanner

گوتم: برسیمه ئەی دیمەشق!

گوتی: پێڵاوەکانم بخۆ.





Scanned with CamScanner

لەبارەی ئاشتیی نووسیم، جەنگ دەستیپێکرد
لەبارەی ستەم نووسیم، ئاژاوە و ئاشوب
سەریهەڵدا

لەبارەی قارەمانێتی نووسیم، خیانەت بڵاوبووەوە...





Scanned with CamScanner

حزب حزبانێ یاری زیرەکەکانە،

بۆ زاڵبوون بەسەر گەوجەکاندا.





Scanned with CamScanner

نه خەو دێت

نه ئاسودەیی

نه خۆشی

نه دۆست و نه خۆشەویست،

هەموویان لەناکاو ونبوون!





Scanned with CamScanner

ئەز پێڵاوم،

ئەدی کوا ڕێگەکەم؟





Scanned with CamScanner

ژیان بێزراو و جاڕزکەرە، وەکو بارانی بێ ئاو!





Scanned with CamScanner

ئازادیم خۆشدەوێ، لێ ئازادیخوازان نا

شۆڕشم خۆشدەوێ، لێ شۆڕشگێڕان نا





Scanned with CamScanner

ئەتۆ ئەشکێکت هەیە، من دووان!

ئەتۆ دڵێکت هەیە، من دووان!

ئەزتەنێ نانووسم بەڵکو خوێنیشم لەبەر دەڕوات!





Scanned with CamScanner

بۆ ئەوەی پێبکەنیت

گەمژەبە.





Scanned with CamScanner

خۆشەویستیت وەکو سوکایەتی!

لە بیر ناچێتەوە.





Scanned with CamScanner

دەمەوێت مرۆڤ بم

نەوەك عەرەب!





Scanned with CamScanner

(خودا) هێز و توانام پێ بدە بۆ گوتی نا

ئەقڵ و ژیریم پێ بدە بۆ چۆنییەتیی گوتنی

داناییم پێ بدە بۆ ئەوەی بزانم کەی دەیڵێم.





Scanned with CamScanner

نەمتوانی مرۆڤی عەرەبی لەسەر ئەوە ڕابهێنم لە دەرگەی پشتەوە، سواری پاس بێت و لە پێشەوە دابەزێت،

باشە چۆن چۆنی لەسەر شۆڕش ڕایبهێنم!





Scanned with CamScanner

گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکان: ڕێژەی لە سەتا ٩٩.٩٩!
لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە نێو مێروولە و هەنگ و
ئەسپێیەکانیشدا مەحاڵە.





Scanned with CamScanner

له ژیانمدا نەمدی لە ئێمەی عەرەب نامۆترو

سەیرترا!






Scanned with CamScanner

گۆڕی ئاواڵی لەسەر دەریا.

نەك كۆشكی ئاواڵی لە بیابان!





Scanned with CamScanner

ژمارەی ئەو وڵاتانەی ڕێزمان دەگرن چەندن؟

هەر یەکێك وەڵامی ئەم پرسیارە بزانێت، چادرێك لە شیرینی چوکلێت بۆ خۆیی و خانەوادەکەی، لە هەر کوێ هەڵیدەدات با هەڵیدا، پانتایی ئەم چادرە لە زەریای ئەتڵەسی بۆ خەلیجی عەرەبی!





Scanned with CamScanner

ئەی گەلی درۆین کوان نەوە جوامێرەکانم؟

تۆوە بە بەرهەمەکانم،

سەرخەرانی گۆڕانخوازلە کوێن؟

بۆ درەنگ کەوتن؟

ئاماژەکانیان تێپەڕین؟





Scanned with CamScanner

ئینسانی عەرەبی لە هەر کاتێکدا بمرێت

قازانجییەتی،

چونکە تەنێ شتێک کە لە دەستی دەدات بێ

ئەقڵیەکەیەتی.





Scanned with CamScanner

"بێدەنگی" جوانترین مۆسیقایە لە جیهان.





Scanned with CamScanner

ئێمە سوتا و قوربانی عەرەب بوونین!

ئێمە وڵاتێکی نەتەوەیی نوێمان دەوێ ئەگەر لەسەر
زبڵدانیش بێت!





Scanned with CamScanner

پێم گوت: تینوومە ئەی دیمەشق

گوتی: فرمێسکەکانت بخۆرەوە!





Scanned with CamScanner

ئاسانترین یاری لە خاکی نیشتماندا یارییە بە خودی نیشتمان و مێژوو و ئایندە و چارەنووسی خەڵکەکەی.





Scanned with CamScanner

بێ پێچ و پەنا؛
لە سەرەوە بۆ ژێرەوە
لە ژێرەوە بۆ سەرەوە.
لە ڕاستەوە بۆ چەپ
لە چەپەوە بۆ ڕاست.
بەبێ ئازادی ناتوانین سەرکەوتن وەدەست بێنین
تەنانەت بەسەر کرمی لۆکەشدا.





Scanned with CamScanner

مرۆڤی عەرەبی گیریخواردووە لە نێوان تەوژمی عەولەمە و تەوژمی ئوسوڵی.

چۆن چۆنی دەنێوان ئەم دووانە ڕێ بکات؟

ئایا لەسەر ئینتەرنێت نوێژ بکات؟





Scanned with CamScanner

هەموو گەلانی دونیا بونیادنان و بوژانەوەی وڵاتیان
به دەستی خودایە،

لێ مرۆڤی ئەم مەملەکەتەی ئێمە، تەنێ تەمەن و
ستەمی حوکمڕانی به دەستی خودایە.



هیچ کەرەستەیەکی بێدەنگکردن لە نیشتمانی عەرەبیدا بوونی نییە،

چون لە بنەڕەتدا هیچ کەسێك نوقەی لێوە نایەت.





Scanned with CamScanner

خۆشەویستم

ئەوان سەفەر دەکەن،

ئێمەش چاوەڕوان،

ئەمان خاوەن پەتن..

ئێمەش خاوەن گەردەن!





Scanned with CamScanner

هیچ شتێك نییە عەرەب لە سەرەتای بوونییەوە
تاوەکو ئێستا دەستی پێوە گرتبێ جگە لە ڕق و کینە.





Scanned with CamScanner

کەڕبوونیش شایەن بە هەموو کەسێك نییە.





Scanned with CamScanner

ئێمە پایزمان دەپەرست و

بارانمان خۆشگەرەك بوو!





Scanned with CamScanner

ئێمە کەمینەیەکی کڕین.





Scanned with CamScanner

ولاتمان تژییه له نه‌خۆشی و نه‌زانی و به‌تاڵی و شێتی، پڕه له کرێکار و لادانی سێکسی و شتی قه‌ده‌غه‌کراو و هێمنکه‌ره‌وه و سڕکه‌ر، له دووڕوو و ئوسوڵی و مه‌زه‌بگه‌را و توندڕۆ و خوێن و فرمێسك، که‌چی ئێمه سه‌رقاڵین به نوقمبوونی که‌شتی ((تایتانیك))ه‌وه.





Scanned with CamScanner

[چەپڵە بەدەستێك لێنادرێت]

بە جەحەنەم

ئەرێ هێشتا تێر چەپڵە نەبوون؟





Scanned with CamScanner

به چپه قسه بکەن

لەسەرگوستی پێتان ڕێبکەن

نیشتمان خەریکە گیان دەدا!





Scanned with CamScanner

دونیا دونیای لۆتیی و سەرسەریەکانە.





Scanned with CamScanner

ئەمێستا بارانێکی خەمگین ڕووی خەمگینم
دەشواتەوە!





Scanned with CamScanner

به دڵ گریام

کاتێك زانیم؛

عەرەبم.





Scanned with CamScanner

بەوەفا مەبە، زەمەن زەمەنی غەدرە.

پاك مەبە، زەمەن زەمەنی پیسییە.





Scanned with CamScanner

کاتێك لە زیندان ئازادکرام یەکسەری ژنم هێنا،

ئیتر ئەمە دوایەمین زیندان بوو ئەزموونم کرد.





Scanned with CamScanner

گەر ئینسانی ئەوروپی یەك مڵاك گوو بخوات،
ئینسانی عەرەبی دوو مڵاك گوو دەخوات.

گرنگ ئەوەیە نەڵێن; عەرەب نازانێت گوو بخوات!





Scanned with CamScanner

عەرەب دوو جێیان لەکاردایە؛

گەدە و ناوگەڵ.





Scanned with CamScanner

عەرەببوون وەك قەبزبوونە،

دەبێ زۆر لەخۆت بکەیت تا بتوانی بڵێی عەرەبم!





Scanned with CamScanner

مردن بریتیی نییه له دۆڕانی گەورە.

دۆڕانی گەورە؛

مردنی ئەوەیە دەناومان دایە و ئێمەش -قیت و قۆز- زیندووین.





Scanned with CamScanner

ژندۆست نیم،

لێ هەردەم ژنم پێ لە پیاو پیاوتر بووە!





Scanned with CamScanner

ئەوە تاوانی من نییە وەك عەرەبێك هاتوومەتە دونیاوە،

تاوانی من لێرەدا ئەمەیە; وەك عەرەبێك بژیم!





Scanned with CamScanner

سەروەری یاسا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات وەکو ئەوە وایە بڵێی: کاوێژی حوشتر وزەی کارەبای لێ بەرهەم دێ.





Scanned with CamScanner

هەموو مافێکی پارێزراوە.

یاسا ماف دەسەنێت.

ئەڵبەتە یاسای تەواری!





Scanned with CamScanner

منم; گەورەی خەونەکان!





Scanned with CamScanner

بەهارم خۆشدەوێ و لێرە هاوینە،

چیام خۆشدەوێ و لێرە بومەلەرزەیە،

باخ و بێستانم خۆشدەوێ و لێرە لافاوە،

دەریام خۆشدەوێ و لێرە وشکانییە..





Scanned with CamScanner

فرمێسکی فسفۆڕی هەڵڕێژم؟

تاکو گەلەکەم بزانن لە پێناویاندا چەندە ئازار دەچێژم!





Scanned with CamScanner

جیاوازی چییە لە نێوانی گوڵی سەرمێزو گوڵی سەر گۆڕ؟





Scanned with CamScanner

سێ ڕم لە ژێر بارانە..

سێ ڕم لە دڵم دایە..

ئەمە کۆتا گۆرانییەکانی منە،

ئەمە سروودی شکانی منە.





Scanned with CamScanner

ئەمێستا گیان دەدەم،

دە نێو گۆڕەکەمدام وەکو سێ گاسن.

دەمرم و باوێشك دەدەم،

دەمرم و جوێن دەدەم،

دەمرم و گاڵتەجاڕی دەکەم،

دەمرم و دەگریم.





Scanned with CamScanner

منم پاڵەوان.. ئەدی کوا گەلەکەم؟

منم ناپاك.. ئەدی کوا سێدارەکەم؟

منم پێڵاو.. ئەدی کوا ڕێگەکەم؟





Scanned with CamScanner

گشت منداڵەکان لە دەمی لە دایکبوونیاندا
دەگریان و من پێدەکەنیم، ئەمێستا هەموویان
پێدەکەنن و ئەز دەگریم.





Scanned with CamScanner

هەمووان دەیانەوێت ببەنەوە و ئەز دەمەوێت
بدۆڕێم!





Scanned with CamScanner

+ئەمە شاری تۆیە گەورەم

-شاری من؟ شارم نییە، جگە لە گیرفانم.

+شاری تۆ نیشتمانتە گەورەم

-نیشتمانم؟ نیشتمانم نییە، جگە لەو خەت و هێڵانەی لەسەر نەخشە کێشراون.





Scanned with CamScanner

له مرۆڤی هەژار ساویلکەتر پەیدا نابێ،

بۆ نموونە خۆم؛

پارەی کرێی خانوم پێ نەدەدرا، کەچی هەستام ژنم هێنا!





Scanned with CamScanner

تف; کەرەستەیەکی شیعرییە،

دەبێ بزانی لە کێی دەکەیت.





Scanned with CamScanner

ئەمان خاوەنی پەنجەرەن، ئێمە شەماڵ.

ئەمان خاوەنی پاپۆڕن، ئێمە شەپۆل.





Scanned with CamScanner

مزگەوت و کڵێسایان پێداین و ئیمانیان لێستاندین.

عەتر و گوستیلەیان پێداین و ئەشقیان لێستاندین.

پێڵاویان پێداین و ڕێگەکانیان لێستاندین.

شیری هیشکیان پێداین و سەردەمی منداڵییان لێستاندین.

پۆلیس و کەلەبچەیان پێداین و ئارامییان لێستاندین.





Scanned with CamScanner

نیشتمانم!

ئەز نیشتمانم نییە، جگە لەو شەڕە پشیلەیەی سەر
نەخشەکان نەبێت.





Scanned with CamScanner

ئێمە لە بنچینەدا نەتەوەیەکی بێهۆشین!





Scanned with CamScanner

1

لەگەڵ هەموو سزا چاوەڕوانکراوەکانیشدا بە ڕوونی

دەیڵێم:

من دەزانم چۆن سەما بکەم،

باز بدەم،

ڕا بکەم،

هەڕوەلە بکەم ،

ماندووبم،

چێشت دروست بکەم،





Scanned with CamScanner

شت بسرم،

وێنە بکێشم،

بژەنم،

بگریم،

پێبکەنم،

هەڵبێم،

لێ من نازانم چۆن خیانەت بکەم،

چونکە کاتم نییە، یان گەمژەیەکی گەورەم.





Scanned with CamScanner

1

لای ئێمە ئەمانە هەن:

ئابوریی نیشتمانی،

پیشەسازییە نیشتمانییەکان،

پەروەردە نیشتمانییەکان،

حزبە نشتمانییەکان،

خوێندنگە نیشتمانییەکان،

سروودە نیشتمانییەکان،

پێنووسە نیشتمانییەکان،





Scanned with CamScanner

2

تێنووسە نیشتمانییەکان،

بەرگریکارە نیشتمانییەکان..

بەنزینی نیشتمانی،

پێڵاوە نیشتیمانییەکان،

نەعلە نیشتمانییەکان،

حەمامە نیشتمانییەکان، ئاودەستخانە

نیشتمانییەکان، وەڵێ تەنێ ئەوەی ئێمە نیمانە،

خودی نیشتمان خۆیەتی.





Scanned with CamScanner

1

له ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژئاوا،

له كون و قوژبنی

نیشتمانی عه‌ره‌بی خۆشه‌ویستدا،

هیچمان گوێ لێ نابێت و هیچ ناخوێنینه‌وه ئه‌مانه نه‌بێت:

ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی،

ئاسایشی نیشتیمانی،

ئاسایشی تاوان،





Scanned with CamScanner

2

ئاسایشی سەربازی،

ئاسایشی ئاسمانی،

ئاسایشی ناوخۆ،

ئاسایشی دەرەوە،

ئاسایشی گشتی،

ئاسایشی خۆراک،

ئاسایشی رۆشنبیری،

ئاسایشی پیشەسازی و





Scanned with CamScanner

3

ئاسایشی کشتوکاڵ،

ئاسایشی ئاوی،

ئاسایشی بیابان،

ئاسایشی کەنار دەریا،

ئاسایشی کارگەکان،

ئاسایشی مزگەوتەکان،

ئاسایشی گسك لێدەرەکان،

ئاسایشی مۆزەخانەکان،





Scanned with CamScanner

4

ئاسایشی پێشانگەکان،

ئاسایشی یاریگەکان،

ئاسایشی باخچەکان،

ئاسایشی باڵوێزخانەکان،

ئاسایشی چێشتخانەکان،

ئاسایشی هۆتێلەکان.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا

هاونیشتمانی عەرەبی خەوتووە!





Scanned with CamScanner

1

**داواکار:** ژوورێکم دەوێ بۆ دوو کەس؟

**کارمەند:** نیمانە.

**داواکار:** بۆ یەك کەس؟

**کارمەند:** نیمانە .

**داواکار:** باشە هەر شوێنێك بێت دەمەوێ

**کارمەند:** بەداخەوە، هیچ شوێنێکی خاڵیمان لا دەسناکەوێ، هەموو شوێنەکان گیراون :نهۆمی یەکەم بۆ وەفدی ئەمریکیی .





Scanned with CamScanner

2

ﮨﯚمی دووهەم بۆ وەفدی ئینگلیزی

ﮨﯚمی سێهەم بۆ وەفدی ئەوڕوپی

چوارەم بۆ وەفدی کەنەدی

پێنجەم بۆ وەفدی ئوستڕاڵی

شەشەم بۆ وەفدی ڕووسی

حەوتەم بۆ وەفدی یابانی

هەشتەم بۆ وەفدی تورکی

نۆیەم بۆ وەفدی ئێرانی





Scanned with CamScanner

3

دەیەم بۆ وەفدی هیندی

یازدەهەم بۆ وەفدی پاکستانی

نهۆمی کۆتایی و سەربانیش بۆ وەفدی چینی

ڕاڕەو و مەسعەدیش بۆ وەفدی ئەفریقی

ژێرزەمینیش بۆ دیسکۆ .

باخچەکانیش بۆ پاسەوانان و سەگە پاسەوانەکان.

داواکار: من ڕۆڵەی ئێرەم، ئەی من لە کوێ

بخەوم؟ لە ناو جانتاکەم؟ لەسەر شۆستە؟



4

**کارمەند:** بەڵکو لە نێو حاوییەی زبڵی سەر شۆستە، بەردەم هەموو هۆتێلێك شوێنێکی زۆر نایابە، وەکو پێنج ئەستێرەیە، حاوییەی زبڵ و خاشاك بەهەمان ئاست و خزمەتگوزاری پێنج ئەستێرەوە...

**داواکار:** حاویە وەکو پێنج ئەستێرە؟

**کارمەند:** ئێ بەڵێ، هەروەها بە پێنج گسك لێدەریشەوە!





Scanned with CamScanner

1

ئەوەیان شەقامی شنفرییە، کە لە ساڵی ٥١٠ی زایینی کوژراوە،

ئەوەیان شەقامی عەنتەری کوڕی شەدادە، لە ساڵی ٦١٥ی زایینی کوژراوە،

ئەوەیان شەقامی تەرفەی کوڕی عەبدە، لە ساڵی ٥٦٩ی زایینی کوژراوە،



2

ئەوەیان شەقامی موتەنەبییە، لە ساڵی ٩٦٥ی
زایینی بەرانبەر بە ٣٥٤ی کۆچی کوژراوە،
ئەوەیان شەقامی کوڕی فەراسی حەمدانییە، لە
ساڵی ٩٦٨ی زایینی بەرانبەر بە ٣٥٧ی کۆچی
کوژراوە،
ئەوەیان شەقامی کوڕی موعتەزە، لە ساڵی ٩٠٨ی
زایینی بەرانبەر بە ٢٩٦ی کۆچی کوژراوە،





Scanned with CamScanner

3

ئەوەیان شەقامی بەشاری کوڕی بەردە، لە ساڵی ٧٨٤ی زایینی بەرانبەر بە ٢٨٦ی کۆچی کوژراوە، ئەوەشیان شەقامی کوڕی موقەفەعە، لە ساڵی ٧٥٩ی زایینی بەرانبەر بە ١٤٢ی کۆچی کوژراوە ئەمەشیان شەقامی تەهامی کوڕی محەمەدە، لە ساڵی ٤١٦ی کۆچی کوژراوە ئەمەش...





Scanned with CamScanner

1

لای ئەوان ئەدەب بوونی نییە،

بەڵکو لای ئەوان دروشم لەسەر ئەدەب بوونی

هەیە!

لای ئەوان دیموکراسی بوونی نییە،

بەڵکو دروشم لەسەر دیموکراسی بوونی هەیە!

لای ئەوان کشتوکاڵ بوونی نییە،

بەڵکو دروشم لەسەر کشتوکاڵ و پیشەسازی بوونی

هەیە!





Scanned with CamScanner

2

لای ئەوان هیچ پلانێك
بۆ بەرەوپێشبردنی وڵات
لە هەر بوارێك لە بوارەکان بوونی نییە،
بەڵکو ئەوەی هەیە دروشمی پێشکەوتن و
بەرەوپێشبردنی وڵاتە وەکو وڵاتە
ئەسکەندەنافییەکان!





Scanned with CamScanner

3

لای ئەوان هیچ پلانێك بۆ ئازادكردن یان سەندنەوەی بستێك لە خاكی عەرەبی داگیركراو بوونی نییە،بەڵكو تەنێ دروشمی ئازادكردن و سەندنەوەی ئەندەلوس و (قودس) هەیە!

گرنگ ئەوەیە:

لای ئەوان هیچ شتێك بوونی نییە، لێ دروشم بۆ هەموو شتێك بوونی هەیە!





Scanned with CamScanner

دەرکردنی دەستوورگەل،
دانانی یاسای تەشریعی و یاسای جێبەجێکردن،
چاپکردن و ڕێکخستن و
جوداکردنەوە و ئەژمارکردن و ڕیزکردن و
گشتاندن و دابەشکردنی ئەم یاسایانە لەسەر
شێوازی سویسری،
جێبەجێکردنیشی لەسەر شێوازی سۆماڵی.





Scanned with CamScanner

ڕفاندنی لە ناکاوی هاوڵاتیی و گومکردنی
بۆ شوێنێکی نادیار،بۆ ساڵانێک
کە کەس هیچی لەبارەوە نەزانێت،
وەکو ئەوەی لەدوورگەی (بەرمۆدا) بژین،
ئەمە لە کاتێکدایە، ئەگەر مریشکێکی ئیسرائیلی،
دە خولەك دوا بکەوێ لە چوونەوە نێو کوڵیتی
ئیسرائیل هەموو ناوچەکەی بەدوادا دەگەڕێ و
دەیدۆزێتەوە!





Scanned with CamScanner

لەبەرچی عەرەب دەست بە هەموو شتێکەوە دەگرێ،

هەر شتێ بێ.

ئایا لە دەمی خنکاندان؟





Scanned with CamScanner

مەرکە دوو عەرەب پێکگەیشتن،
مەواڵگریی سێیەمیانە!





Scanned with CamScanner

به ده‌ستی له‌رزۆكه‌وه،
ناتوانی هیچ ئامانجێك بپێكیت!





Scanned with CamScanner

1

**دادوەر:** ..سوێند بخۆ ڕاستیی بڵێیت، جگە لە ڕاستی، هیچ نەڵێیت.

**تاوانبار:** سوێندبێ.

**دادوەر:** دەست لەسەر کتێبی پیرۆز دانێ..

**تاوانبار:** فەرمانتە گەورەم.

**دادوەر:** ئایا تۆ لە فڵان ڕێکەوتە، فڵان ڕۆژە،لە مەیدانی گشتی، لە شەقامە قەرەباڵغەکان ماوارت کردووە; نیشتمان یەکسانە بە پێڵاو؟





Scanned with CamScanner

2

تاوانبار: بەڵێ.

دادوەر: لە پێش کرێکار و جوتیارەکان؟

تاوانبار: بەڵێ.

دادوەر: لە پێش پەیکەری پاڵەوانان و

گۆڕی شەهیدان؟

تاوانبار: بەڵێ.

دادوەر: لە بەردەمی ناوەندە خۆبەخشییەکان و

جەنگاوەرانی دێرین؟





Scanned with CamScanner

3

تاوانبار: بەڵێ.

دادوەر: لە بەردەمی تیپە گەشتیارییەکان و

گەشتیاران؟

تاوانبار: بەڵێ.

دادوەر: لەبەردەمی ڕۆژنامەکان و تۆڕەکانی مەواڵ؟

تاوانبار: بەڵێ.

دادوەر: نیشتمان.. خەونی منداڵییەتیی و

یادەوەریی پیریی و





Scanned with CamScanner

4

خولیای تافی لاوییە،

گۆڕی تێکۆشەر و چڵێسانە،

قوربانیدانی هەرزان و گرانە،

بە بۆچوونی تۆ یەکسان نییە بە زیاتر لە پێڵاو ؟

تاوانبار: بەڕاستی ئافەرین گەورەم.





Scanned with CamScanner

نووسەری ڕاستەقینە وەکو ئیسرائیل وایە،
هیچ سنوورێکی ڕوونی بۆ نییە و
پابەندی هیچ نابێت.





Scanned with CamScanner

ئەوەی مەرەشەیە بۆ سەر گەل،
دەسەڵات نییە،
بەڵکو (مەوادی حافیزە)یە.





Scanned with CamScanner

1

مەژاران لە دەمی ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییەتەوە،
تاکە قوربانین لە جیهاندا، (سندمم الوحید)
هیچ ناخوێننەوە پەڕەی یانسیب نەبێ،
پاشان کوا نووسین؟ کوا خوێندنەوە؟
لە کۆتاییدا کامە ڕاگەیاندنی عەرەبییە؟
کامە ڕۆشنبیریی عەرەبییە؟
کامە کولتووری عەرەبییە؟
کوا جەماوەری عەرەبی؟





Scanned with CamScanner

2

موقەدەساتی عەرەبی؟

کوا کامەیە ئوممەی عەرەبی؟

کوا کامەیە نیشتمانی عەرەبی لەم قۆناخەدا؟



1

پ: براکەم لە ئاشتیی و دادگەریدا،

خێرا مەڵمەچوو، مەسوڕێ بە ڕاست و چەپدا،

ئایا تۆ لە ماوسەرت مەڵاتووی؟

و: نەخێر.

پ: ئەی لە قەرداری و بەرزبوونەوەی نرخەکان؟

و: نەخێر.

پ: لە مەواڵەکان و قسە و باسی سەر مەواڵەکان؟

و: نەخێر.





Scanned with CamScanner

2

پ: لە موتریبە نوێیەکان؟

و: نەخێر.

پ: لە فانتازیای مێژوویی و بەشە کۆنەکانی زنجیرە دراماکانی ڕەمەزانی پێشوو؟

و: نەخێر.

پ:لە شیعری مۆدێرنە؟

و: نەخێر.

پ: لە شیعری کۆن؟





Scanned with CamScanner

3

و: نەخێر.

پ: لە ئوسووڵییەت؟

و: نەخێر.

پ: لە عەولەمە؟

و: نەخێر.

پ: ئەی لە جەنگ؟

و: نەخێر.

پ: ئەی لە ئاشتی؟





Scanned with CamScanner

4

و: نەخێر.

پ: ئایا لە بابەتێک لە بابەتەکان،

دژی کەسایەتییەکی ئاینی

یان سەربازی بوویت، لە هەر

چ مەملەکەتێکی عەرەبی ئان

عەجەمی و لە ترسی سزا -هەڵاتووی-؟

و: نەخێر.

پ: ئایا کەسێکت کوشتووە و پۆلیس ڕوای ناویت؟





Scanned with CamScanner

5

و: نەخێر.

پ: دە کەواتە ئێستا دەرکەوت

ئەتۆ بەکرێگیراوی دەوڵەتێکی بیانیت،

لە ترسی ئاشکرابوونی بەکرێگیراویت مەڵاتووی.

و: گەر بەکرێگیراوبام،

ئەوەی دەترسا،

تۆ بوویت، نەک من!





Scanned with CamScanner

1

بێدەنگی.. نەخۆشخانە

بێدەنگی.. بووژاندنەوە

بێدەنگی.. کۆچی دوایی

بێدەنگی.. تازییە

بێدەنگی.. دادگایی

بێدەنگی.. بەرزکردنەوەی داوا

بێدەنگی.. گفتوگۆ

بێدەنگی.. گەڕان



2

بێدەنگی.. گرتن

بێدەنگی.. پشکنین

بێدەنگی.. لێکۆڵینەوە

بێدەنگی.. خواردن

بێدەنگی.. سەرخەو شکاندن

وس، بێدەنگی، کزۆڵی نواندن،

وتووێژەکان و خۆپێشاندانەکان کەی هاوار دەکەن؟

من وا دەخنکێم،





Scanned with CamScanner

3

من وا دەسوتێم،

لە پشتی ئەم تەلبەندانەوە،

لە نەخۆشخانەی شێتانەکان.





Scanned with CamScanner